سەرۆک کۆمار داوا لە موقتەدا سەدر دێکات بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بکات

عەبدوڵتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆماری عێراق ئەمڕۆ هەینی نامەیەکی ئاراستەی موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر کرد و داوایکرد، بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بکات و بڕیارەکەی بۆ بایکۆتی پرسەکە هەڵبوەشێنێتەوە .

عەبدوڵتیف جەمال ڕەشید لە نامەیەکدا داوای لە موقتەدا سەدر کردوە، بڕیارەکەی بۆ بایکۆتی پرسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە مانگی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 ئەنجامبدرێت هەڵبوەشێنێتەوە و بەشداری لە پرسەکەدا بکات.

مانگی ڕابردو موقتەدا سەدر بەشداری نەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا ڕاگەیاند و ئاماژەی بە "گەندەڵی و گەندەڵکاران" کرد، هاوکات ڕایگەیاندبو عێراق "دوا هەناسەی خۆی بەخێیەوە دەبینێت".

لە مانگی (حوزەیران/6)ی 2022، سەدر بڕیاریدا لە پرسەی سیاسی عێراق بکشێتەوە و بەشداری

هیچ هەبژاردنێکی داهاتو نەکات، بۆ ئەوەی خۆی بە سیاسەتمەدارە "گەندەڵەکان"ەوە نەبەستێتەوە، ئەم بڕیارەش دوای بانگەوازەکەی هات بۆ دەستلەکارکێشانەوەی هەر 73 ئەندام پەرلەمانەکەی.